## کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا

مێژوونووسی گەورەی کورد دوکتۆر کەماڵ مەزهەر ئەحمەد کتێبێکی لە ساڵی 1975 دا بڵاو کردەوە کە تێیدا بارودۆخی پارچەکانی کوردستانی ئێران و عوسمانی لە ساڵانی پێش شەڕ و ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا (18-1914) تاووتوێ کرد و هەتا ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی بایەخدار لە لایەن نووسەر و مێژوونووسانی کوردەوە سوودی لێ وەرگیراوە و بە چەند زمانیش تەجەمە کراوە.

کتێبەکە لە زۆرینەی خۆیدا باسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە و کەمتر بەلای بەشی رۆژهەڵات و ئێراندا هاتوە، ناوێکی تایبەتیشی لە بۆکان نەبردووە. بەڵام من بۆ کار هاسانی مێژوونووسانی دوارۆژی بۆکان و ناوچەکەی، دەست نیشانی هەندێک لاپەڕەی دەکەم کە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرنەوە :

لاپەڕە 9: (پەراوێز) کێشەی نێوان رووس و ئاڵمانیا لە ئازەربایجان و کوردستان؛
لاپەڕە 11: "ئەڵمانەکان توانیان جێ پێی خۆیان لە کوردستاندا بکەنەوە، بۆ نموونە شاری شنۆ پێش شەڕ بووبوە ناوەندێکی خوری کڕین لە لایەن ئالمانەکانەوە و لەوێوە دەیانبرد بۆ ئەو فابریقەیەی لە تەورێز دایانمەزراندبوو بۆ دروست کردنی ڕایەخ" [کە دیارە ئەگەر خوری لە شنۆوە بۆ تەورێز چووبێت، دەبێ ئاڵمانییەکان لە ناوچەی بۆکانیش غافڵ نەبووبێتن].
لاپەڕە 14: راولنسن: مامۆستا دوو وتاری راولنسنی وەک سەرچاوە ناساندوە کە یەکەمیان باسی سەفەری راولنسنە لە تەورێزەوە بۆ کوردستان. ئەم سەرچاوانە بۆ مێژووی بۆکان و بەتایبەت قەڵایچی و تەختی سولەیمان گەلێک گرنگن. هیوادارم بتوانم ئەو وتارانە بکەمە کوردی بۆ باسی راولینسن، بڕوانە وتاری ژمارە 101 ی ئەم زنجیرەیە.
لاپەڕە 36: لە ساڵی 1912 دا کۆمەڵی "جیهاندانی" لە کوردستانی ئێران دامەزرا، کە دەیویست خەباتی گەلی کورد بە رێبازێکی راستدا بەرێ و لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو دا کۆی بکاتەوە [ئەم زانیارییە لە کتێبێکی فاریزۆڤ وەرگیراوە کە تایبەتمەندییەکانی راگەیێنراون].
لاپەڕە 57: ئازەربایجان و کوردستانی ئێران بوون بە بەشێک لە مەیدانی شەڕ (1914).
لاپەڕە 60: لەشکری رووس لە 25ی مای 1915 دا شاری ورمێ یان گرت و توانیان بچنە ناو شاری شنۆ و مەهابادیشەوە.
لاپەڕە 61 : لە زۆر ناوچەدا جەندەرمەکانی تورک بێرەحمانە بەردەبوونە گیانی ناحەزەکانیان، بۆ وێنە تەنیا لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا دوو سەرداری ناحەزی خۆیان (محەمەد حسەین خان[ی بۆکان] و سەیفەددین خانی سەقز)یان لە سێدارە دا و بۆ چەند رۆژێک تەنیا بە نیازی چاوترساندنی خەڵکی ئەو ناوە، لاشەکانیان بە هەڵاوەسراوی هێشتەوە.
لاپەڕە 62: خەڵکی "ناوچەی" سابڵاغ (مەهاباد) یش بە سەرکردایەتی قازی فەتاحی بەناوبانگ بە گەرمی کەوتنە بەرهەڵستی کردنی هێزی تورک و دوای ئەویش رووس.

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، *"کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا"*، بەغدا، 1975،
لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، کوردی، 198 لاپەڕە.